
# سەمای رەنگێکی دلۆڤان

عەلی نارێنی



رەنگێك لە هیچ رەنگێکی تر ناچێ
لە پێش چاوم سەما ئەکا
پڕە لە جوانی و..
پڕە لە سیحر و لە یادگاری

تارماییەك هاتۆتە ژوورەکەمەوە
نیگایەکی گەنم رەنگ
نیگا لە شتەکانم ئەکا
من بێدارو ئەویش هێدی
چاوشارکێم لە گەل ئەکا!!

لێم گەڕێن ئەیناسمەوە
نامۆ نییە بە زاکیرەم
هەوارگەی نزیکە لە ماڵی دڵم
ئەو ئەگەر غەریبیش بێ
دێتەوە بەر شەوقی رۆحم!!

ماڵەکەم رۆژهەڵاتییەو...
پەنجەرەکەم سێ لایی
رەنگێك نیشتۆتە ژوورەکەم
ژوورەکەم پڕە لە یادگاری

**لەم یادگارەدا عیشقێکم بیر کەوتۆتەوە**

**من بێدارو.....ئەویش گەرم**

**دێت ودەچێ و لێوانلێوی ژوورەکەم**

**لە بەرچاوم سەما ئەکا**

**شیعرم زمانی بێدارەو**

**شیعرم رازی تەنهایی**

**رەنگ نیشتۆتە وشەم و..**

**شیعرم رەنگی گرتووە**

**منیش ئەوا لە چاوی پەنجەرەکەمەوە**

**شیعرێکی تر شرۆڤە ئەکەم**

**ئەیناسمەوە**

**وەك شیعری خۆم ئەیناسمەوە**

**وەك وێنەکەم ئەیناسمەوە**

**خەندەکانی ئەناسمەوە**

**شێوەی....سیحری...سەمایی...دەنگی**

**هەر هەمووی ئەناسمەوە**

**ئێستا ئەو بەنەوەشەی یادگارە و...**

**پڕ بووە لە زاکیرەم**

**ئەو ئاوێنەی عیشقمە و...**

**باس لە پاکی خۆی ئەکا**

**ئەو دیرۆکی سۆزمە و...**

**باس لە رەگی خۆی ئەکا**

**ئەو زمانی گریانمە و...**
**باس لە رۆندکی خۆی ئەکا**
**ئەو بەهاری خەونمە و...**
**باس لە گولاڵەی خۆی ئەکا**

**ئەمشەو شەلاڵی رەنگم**
**عیشقی کیژێکی خنجیلە**
**سۆزی غەریبیم پێ ئەکا**
**زۆر لە مێژە سنوری خەیاڵی بڕیوم و...**
**هاتۆتە شیعرمەوە**
**هەنووکەش هەر لە ئەفسانەیەکی جوان ئەچێ**
**دوورە دەستە و**
**نیگا جوان**
**عەیامێکە ئاسمانی سەری پڕکردووم**
**لە یادگاری و بە جێی هێشتووم**
**ئێستاش لەم شەوە ساردەدا**
**وەکو باران**
**دیسان رەنگی روخساری دائەکاتەوە**
**شیعری کردووم بە تابلۆو**
**خەیاڵی کردووم بە رەنگدان**

**تۆ ئەی عیشقی کۆنە ساڵ**
**کچی بە هەیبەت بابانیی**
**پڕ لە ویقار و...یادگار**
**لەوەش زیاتر مەمبەرەوە**
**بەر پەنجەرەکەی مەراق**
**مەمبەرەوە بەر کوانووەکەی سووتان و..**

دەرگاكانی نیگەرانی
تۆ تەماشا
چی ئاڵۆزە گەورە بوون
چەند گرانە تەنهایی و..
چی سووتانێكە نامۆبوون
لێمگەڕێ
ئیتر سۆراخم پێناكرێ
ئەوە منم بەم ناوەختە پەلكەزێڕنەی شێوەت دەلاوێنم
لێمگەڕێ ئەی رەنگ
تەنها پەنجەرەیەك شك ئەبەم
بۆ ئەستێرە ژماردن
بەم شەوە پەنجەرەكەم دامەپۆشە
تابلۆی خەونم مەشێوێنە
لێمگەڕێ ئەی رەنگ
بەم سەمایی نێوە شەوە.. گۆمی تەنهاییم مەشڵەقێنە

---

لە كۆمەڵە شیعری (لە چاوەڕوانی هاتنتدا)